ئاویەر بەرەو سەمایەکی شێتانە

شیوا موزەفەری
(ڕوانسەر)



وشەکان لە درێژەی درامایەکی بەتاڵدا
بە دەم سەمایەکی پاییزییەوە
خۆشەویستیم بە دیاری بۆ دەهێنن
وشەکان دەبنە قاوە و
لە کافەیەکی ئەم شارەدا
لێوەکانمان دەتاسێنن و
دەبنە کتێبێکی نێوانمان
شیعر چارەنووسێکە بۆ تەنیایی
پرسیارێ دەڕژێنمە درێژەی ئەم شیعرەو
دیرۆکەکان بێ هەوا دەسووڕێنەوە
دڵ بە هیوای دیتنەوەت
لە دواییین ئامێزی سەمایەکەتدا
دەگەڕێتەوە باوەشی جێژوان
چاوەڕوانم،
چاو لەم شەقامە ماندوو نابێت
ژیانم لەم هێڵەدا، دوو هەناسە لای داوە
دەستەکانمان یەکدەگرن و
تامی یەکەم قاوەکەمان
لە قاوەیی چاوەکانتدا،
هەتوانێکە بۆ زامەکانمان
کێ دەڵێت شەقام سەرەتای نەگەیشتنە!
من لەسەر هێڵێکی درێژدا
دەستەکانم دەکەم بە لەمپەر و
تا لافاوی ئەم ڕووبارە
بتوانێت
دوا هەناری خەون و خۆزگەکانم
بڕفێنێت!
خەیاڵ ڕێگە دەپێوێت و
من لە دواییین چرکەکانی ئەم وێستگەیەدا
ئاوی هەناڕێ لەخۆشەویستی هەڵدەمژم و

شارێکم، پڕ بە باڵای سنە
ئاوێەر لە باوەش دەگرمەوە.

قوتابخانەی مردن

هەموو بەیانیەک
لە قوتابخانەی مردندا
وانەی ژیان دەخوێنینەوە!
بە لاشانی مەترسیدا، سرنجێک لە
خۆشەویستی ئەستێرەکان دەدەم
کە لە چوار لاوە
کێلی بێ ئوقرەییمان بۆیە دەکەنەوە
ماوەیەکە بۆ ژیان ناچمەوە
شینایی چاوەکانت لە دەشتایی خەونەکانمدا
چینە ناکات
نە شار دەستە گەرمەکانی شەقام دەگووشێت
نە ئێواران لێوە تەپەکانی ئەوین
بەسەر گوڵە سوورەکانی
باغچەی دڵمدا پیاسە دەکات
بەیانیان مانگ خەوی لێ دەشێوێت
ڕۆژ لەسەر هێڵەکانی مردندا وەنەوز ئەدات
ئێرە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە
هەموو بەیانییەک
لە پەراسووی ڕاستی مردندا
هێڵەکانی ژیان بە هەڵە دەخوێنینەوە
لۆمەت ناکەم، لۆمەم نەکەی
هێشتا بە ئاواتەوە کۆتری چاوەکانت
لە پێدەشتی خەونەکانم
لە بۆردومانی خاکیشدا
بەرز دەفڕن.

شەهیدانی ئاوێەر

بۆ شەهیدانی ژینگەپارێزیی سنە کە لە گڕکانی ئاوێەردا بوونە قەقنەس.

ڕۆژ پاڵی داوە بە هەرەسی دەستەکانمەوە
گڕکان لە شەوقی گیانمان ماندووە
سنە لە سینگمدا سروودی نیشتمانی ئەڵێتەوە
ئاوێەر بە کراسێکی ڕەشەوە
جگەرە دەکێشێت، ماندوویی و تەنیایی
تەرمێ لە گزینگی باڵای شەهید
لە ئێوارە خەمێکی سنەدا
لەسەر شانی ئاوێەر
بەرەو بەرزایی نیشتمان دەفڕێتەوە
ئیستا ئاوێەر دارە تەرمە،
سینگی پڕە لە نامیلکەکانی دڵداری و
بە قژی ڕەشییەوە بێقەراریییەکانی دەڕنێت
داربەڕووەکان خەو بە گۆرانییەوە دەبینن
«شەهیدەکان» باوەش بۆ تەنیایی دەکەنەوە و
حەیرانی نیشتمان دەڵێنەوە
دارەکان بڕی شکۆفەی بەهار ناکەن
هەر بەم هاوینە چرۆ دەکەن و دەژێینەوە
سنە و ئاوێەر و ژیانە، بە کاتی ڕۆحی
شەهیدەکانی ژینگە و نیشتمان*

کراسێکی سوور

ئێوارە بوو
سەرت نا بەسەر شانی شیعرێکی قژ تەڕمەوە
بۆنت نا بە بۆنی جەستەی ماندووی خەیاڵەوە
گێژاوی بەر پەنجەرەیەک بووی
نیگات ئەفسوونی دارستان
دەستەکانت چۆلەکەیەکی کەسیرەی دەستەمۆبوون
سەرت نا بە شانی شیعرێکی یاخیمەوە
خەوت لێ کەوت
بەیانییە
پەنجەکانت بەقەدی دارستانی شیعرێکمدا
تک تک خوێنی وشەیان لێ دەچۆڕا
ئێوارە بوو
هەرەسی زامەکانت
لە شیعرێکما وەنەوزی دا
بەیانییە و
کراسێکی سوورم دوورپوە.